# سەفەرێکیتر

ئارام شوانی
2006/6/7

بەرلەوەی دەفەکان شەهیدبن

ئێوارەیەکمان هەبوو تاحاڵی بێدەنگی تیابگرین ..

هێشتا خانەقاکەمان پڕە لەو موریدانەی

کەسوێندی تەنیاییان خواردووە ..

هاوڕێ ..

کزەبایەك میوانی ئەم شارەیەو جەستەی تەزاندوین ..

وەرە باڕوحمان لە سپێتی ئەو بەفرە هەڵکێشین

کە پێدەچێت دواین بارینی بێت ..

عەزیزم ئێستا زوبوو بۆ ئەم بێدەنگییە ..

ئاوێنەکان پڕن لە دڵۆپی ئەو فرمێسکانەی

بۆ بێکەسیت ڕشت بوون ..

ئێواران غەریبی ڕەنگتدەکەنو

بەیانیان لەتەنیایی من دەچنو

گەڵایەك هەواڵی گەڕانەوەت دەپرسێت ..

جارێ زوبوو بۆ سەفەر (برا)

هێشتا دایکم لە سۆراغی مەعشوقەکەتدایەو

منیش مشتێ دوعام بۆهەڵگرتویت ..

ئەدرەست لەکوێیە ئەزیزم ..

پەنجەکانم بابردوێتی پێنووسێکم بەرێ ..

دوادێڕی ئەم قەسیدەیەشم پێ نانووسرێ
سەرم سەودای خەمێکی تولانییە ..
دەهرێکە چاوبڕکێ لەگەڵ ئازارەکانمدا دەکەم
ئەرشیفێك لەخەم
ماڵێك دۆڕان
کێوێك لەئازار
نەخشەی دواین وێستگەی بوونم بۆ دەکێشن ..
من بێدەنگو دایکیشم دەیوت:
ڕۆڵە .. ڕۆمانی ئەم گریانە بەکەس مەڵێ
کێ هەیە تەنیا یەك دێڕیت بۆحونجەبکات ..
وەرەو گوێ بۆ نزاگریاوەکانی من بگرە ..
بیردێ باوکت دەیوت:
تۆ هەمیشەلەوانەی جوگرافیدا (سفر) دێنی
چونکە نازانی نیشتمان چەند دەرگای هەیە ..
بۆیە لەگەڕانەوەتدا
ڕێگەی ڕێگەی ماڵیشت لێ وندەبێت ..
هاورێم سەفەر حیکمەتی گەورەییەو
تۆش بەشەکەتی ئەم هەناسانەوە
مەحاڵ بتوانی زاکیرەیەکی خاڵی
"فێر بکەیت لەوێڕا چۆن بگەڕێتەوە" ..
کەمن چاوەڕێی غروبی ئێوارەیەك بکەم
تازەنگی دواین سەفەر ببیستم
ئیتر دێڕێکم نامێنێت بۆ ووتن
لەفرمێسکی مەعشوقەکەت پیرۆزتر ..
ببورە ئەزیزم ..
مردن سوعبەتی پاشایەك نییە دوای گەڕانەوەی لە جەنگ ..

پیٚ کەنین بە عەجولیی من نەیەت
کە ئێوارەیەك وڕێنەکانم دەبیستیت ..

زەریاش بێڕحەمە لەمانای غەریبیت تێناگات
مشتێك ئاوی بەسە بۆ خنکاندن ..
بایی ژەمێك پێکەنین شك دەبەم
وەرە تابەشی لێوتەڕکردنێك بەمیٚ ..
وەرەو گوێیەك ببەخشە بەدوعای ئەو پەپولانەی
پێش هەڵقرچان بۆتیان دەکرد ..

یاحەسرەتی ئەو منداڵەی
تەنها زمانێکی دەزانی بۆ پاڕانەوە
بەیانییەك چرپەی سەفەر

دواین تەلیسمی چاوەڕوانی شکاند ..
بۆیە فریانەکەوت
وەسیێتی ئەو قەرەجەت پیٚ بڵیٚ
کە بەختی تۆی لەنێو لەپی ئەمدا خوێندبۆوە ..

دواین هەناسەی بەهیوای گەڕانەوەت هەڵکێشا ..
زەمەنێك سوکنایت پێنەبەخشین ..
گەر دواین وەسێتت بیدەنگیە

ئیتر منیش بۆ تەسبیحە وونبووەکەی نەنکم دەگەڕێم
تا تەهلیلەی ئەم تەنیاییەمی پیٚ ئەدا بکەم ..
پڕ بە دوو مشت دوعاکەمو

لێوێك شك نابەم فاتیحایەکی ڕەوانت بۆ بنێرم ..
بۆیە بەیانیانەکانم دابەشی سفرەکەمو

نیوەڕۆیش شەڕێك لەگەڵ بەختی خۆمدا دەکەم ..
ئێوارەم دابەشی هیچ ناکەم ..
ئێوارەیەك بۆ بینینی دایکمو

ئێوارەیەك بۆسەفەرو

ئێوارەیەك بۆ مەرگ ..

بەر لەەی ئێوارەی سێیەم بێت

ئاوێنەكانی نیشتمانە دەشكێنم

تا سوڵتان هەستی پێنەكات

ئاخر پریاسكەیەك لەوڕێنەكانی منداڵێم تیا جێهێشتووە ..